کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
19-8-2007 22:48 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بزووتنەوەی زانستی نەتەوەی کورد ... مەنسوور عەزیزی



لەهەر کۆمەڵگایەکدا پیاچوون و تێپەڕاندنی قۆناغەکانی خۆرێکخستن و خۆئامادەکردن بۆخۆبەڕێوەبەری، خاوەن مێژوویەکی تایبەت بە خۆیەتی. کۆمەڵ ئەو پێکهاتە ئاڵۆزەیە کە لەهەر سەردەمێکدا لەسەر هەموو رەهەندەکانی دەوروبەری خۆی، لەنێو خۆیدا یان بە تەواوی رێکدەکەوێت یان ئەوەی رێگای ئاڵوگۆڕ، وێرای رێکەوتنە کاتیەکان دەهێڵێتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت لە سەردەمێکی دیکەدا ئاڵوگۆڕ بە سەر خۆیدا بێنێت و بە پێی ویستی نەوەی تایبەت بەو سەردەمە، بەو ئاقارەدا بڕوات کە سەردەمێکی تایبەت داوای لێدەکات.

کۆمەڵگای کوردیش، هەر لە دێرزەمانەوە تا هەنووکە گیرۆدەی کۆمەڵێک رەهەند بووە و نەیتوانیوە و ناتوانێت بەشێوەیەکی رەها خۆی لەو پێداویستی و ئاڵوگۆڕانە، دوور بخاتەوە و پێویستە مامەڵەیان لەگەڵدا بکات. زۆر جار ئەو هەڵس و کەوتانە و ئەو ناچاربوونانە، لە زۆر بواردا بە زیانی کورد شکاوەتەوە و لە زۆر بواردا تووشی کەوتنی زۆر مەزنیان کردووە کە ئێستاش بەدەستیانەوە دەناڵێنێت.

وەک پەیدابووی مێژوویی و نیشتەجێبووی مێژوویی، کورد لە خاک و ئاوێکدا گیرساوەتەوە کە ناوەندی سەرهەڵدانی شارستانییەتە و پەرتووکە مێژووییەکان ئەم راستییانەمان بۆ باس دەکەن. بەڵام ئەوەش ناشارێتەوە کە بەهۆی دۆڕانە یەک لە دوای یەکەکانی کورد لە جەنگەکاندا و لەدەستدانی دەسەڵات و پەنابردنی بۆ شاخەکان و کۆچەربوون و... هتد، پاش دەسەڵاتی مادەکان، کورد رۆژ لە دوای رۆژ لەپێکەوە نانی سیستەمی سیاسی و ئیداری و دەسەڵاتدارەتی و لەو بوارانەدا کە بنەمان بۆ پێکهێنانی دەسەڵات و ئاوەدانی و پێشکەوتن و خۆناساندنی شارستانیانە، دوور کەوتۆتەوە.

ئەوەی کە لە نێو کورداندا، وێرای هەموو پاشماوەییەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی، پارێزراو بووە، ئەوە بووە کە قەت ئامادەنەبوونە سەر بۆ هیچ دەسەڵاتدارەتیەکی ناکوردی نەوی بکەن و هەردەم لەشاخەکانیش گەر بووە، سەربەخۆیی خۆیانیان پاراستووە و ملیان بۆ دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان شل نەکردووە. لەو پێوەندییەشدا زۆرن ئەو نموونانەی کە راستی ئەم باسەمان دەسەلمێنن. بەڵام وێرای ئەوەش کە ئەو هەستی سەربەخۆییخوازییە هەبووە، وەک پێویست لە بواری رۆشنبیری و سیاسیەوە، کورد پێگەیشتوو نەبووە و بەرژەوەندییەکانی خۆی نەخوێندۆتەوە و ستراتیژی تایبەت بە دۆزی نەتەوەیی خۆی لەدەستدا نەبووە. هەر ئەوەیە کە دەبینین زۆر جار شۆڕش و بزووتنەوە کوردییەکان زیاتر خێڵەکی بوونە و بە لەنێوچوون یان کوشتنی رێبەرێک، شۆڕشێک لەنێو چووە و دەسەڵاتداران بەسەر کوردستاندا لە رێگای لەنێوبردنی رێبەرێکی ئایینی یان تاکێکی خاوەن بڕیارودەنگ لە نێو کورداندا، توانیویانە بەسەر بزووتنەوەیەکدا زاڵ بن و بیتاوێننەوە.

پاش جەنگی جیهانی دووەم، لە بەشێک لە خاکی کوردستان، لەسەر بناغەی کۆمەڵەی ژک، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دادەمەزرێت و ئەم حیزبە بە پێچەوانەی بزووتنەوە و رێکخراوەکانی پێش لە خۆی، دامەزرێنەرانی، کۆمەڵێک مرۆڤی رۆشنبیر دەبن کە زانستییانە و بە پێی سەرنجدانە ئاکامەکانی پاش جەنگی جیهانی دووەم و دارمانی بەرەی فاشیزم و نازیسم، رێچکە بۆ دامەزرانی ئەم حیزبە دادەنێن و بە پێی پێویستیەکی سەردەمیانە دەبێت کە ناوی کۆمەڵەی ژک دەگۆڕن بە حیزبی دێموکرات و بە کردەوە پێدەنێتە یەکەم گۆڕەپانی زانستی خەبات لە پێناو دۆزی نەتەوەیی نەتەوەی کورددا.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

یەکەمجار دەبێت کە حیزبێکی کوردی دەبێتە خاوەن بەرنامە و پێڕەو و لە ماوەیەکی کورتدا دەسەڵاتی کوردی پێکدێنێت و ڕێبەریی نەتەوەکەی دەکات. دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەبوونی ستراتیژی نەتەوەیی لە لایەن ئەو حیزبەوە، وایکرد کە هەر زوو لەنێو خەڵکدا هێز و شوێنەپێ داکوتێ و ببێتە هۆکاری هەرە گرنگ بۆ دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد.
دانانی کابینەی وەزیران، هەوڵدان بۆ بە خاوەنئابووریکردنی کوردستان، دەرکردنی گۆڤار و ڕۆژنامەی تایبەت بە منداڵان و دەرکردنی ڕۆژنامەی کوردستان و دانانی رادیۆ و دامەزراندنی یەکیەتیەکانی لاوان و ژنان و پێکهێنانی ئارامی و ئۆقرەیی بۆ دانیشتووانی ژێر دەسەڵاتی، دەسەڵاتی کۆمار، ئەو نموونانەن کە ئەمڕۆ دەبنە هەوێنی ئەوەی ئێمە لێکدەینەوە، ئەو حیزبە پڕبە پێستی ووشەی بە زانستیکردنی بزووتنەوەی کورد، هەنگاوی هەڵێناوە و یەکەم جارە کە حیزبێکی کوردی دەتوانێت بزووتنەوەی کوردی لە جل و بەرگە کلاسیکیەکەی خۆی بێنێتە دەرەوە و ڕێکخستن و ڕێکخراو دروست بکات. لە کاتێکدا کە 62 بە سەر تەمەنی ئەم حیزبەدا تێدەپەڕێت، گەر بە مێژووەکەیدا بچینەوە، دەبینین لە زۆر بواردا هەوراز و نشێوی بۆ هاتۆتە پێش، چ لە ئاستی نێوخۆییدا و چ لە ئاستی دەرەکیدا، وەک:
* لەسێدارەدانی ڕێبەرانی حیزب لە لایەن ڕژێمی پاشایەتی ئێرانەوە.
* ئاشکرابوونی ڕێکخستنەکانی و هێرشی ساواکی ڕژێمی پاشایەتی بۆ سەری و ئاوارەکردن و گرتن و ئیعدامی کادر و ئەندامانی ئەم حیزبە.
* بەستنەوەی حیزب بە هەندێک لایەنەوە لە لایەن کۆمەڵێک کەسەوە هەر لە نێو ئەو حیزبەدا و خۆجوێکردنەوەی تاقمی حەوت کەسی و خۆ وەک حیزبی دێموکرات ناساندن.
* لادان لە حیزبی دێموکرات و هەمدیسان خۆ وەک حیزبی دێموکرات ناساندن. * تیرۆری ڕێبەرانی ئەم حیزبە لەدەرەوەی وڵات و هەوڵدان بۆ لێدانی ڕێبەرانی حیزب بە مەبەستی لەنێوبردنی حیزب و لاوازکردنی شۆڕشی کورد بە ڕێبەرایەتی ئەم حیزبە.
* هەمدیسان، جیابوونەوە و تاقم جیاکردنەوە بە ناوی حیزبی دێموکراتەوە و خۆناساندن هەمدیسان بە ناوی حیزبی دێموکراتەوە.
وێرای هەموو ئەو خاڵانەی سەرەوە کە باسمان کردن و دەیان خاڵی دیکە و بە تێپەڕاندنی ئەو قۆناخانە، ئەوەی کە روون لە ئاو هاتۆتە دەر و بۆ هەموو لایەک دیارە، ئەوەیە کە ئەم حیزبە توانیویەتی نەک هەر لە خۆیدا ڕۆشنبیریتی و بەهێزبوونی سیاسی لە نێو ئەندامان و لایەنگرانیدا بڵاو بکاتەوە و پەرەی پێبدات، بگرە کاریگەری ڕاستەوخۆ و گرنگیشی هەبووە لە سەر کۆمەڵگای کوردی بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی. ئێستا ئیدی بۆ دۆست و دوژمن روونە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پاش 62 ساڵ تەمەن، نەک هەر باوەڕەکانی کۆن نەبوونە، بگرە واتازە خەریکە باوەڕەکانی حیزبی دێموکرات کە هەمان جێگیربوونی دێموکراسی بووە لە ناوچەکە و ئێران و گەیشتنی نەتەوەی کورد بە مافەکانی خۆی، سەرهەڵدەدەن و خەڵکی دیکە تازە هەست بەو ڕاستییانە دەکەن و دێنەوە سەر ئەو ڕێچکەیە کە حیزبی دێموکرات لە پێناویدا دامەزراوە و هەوڵی بۆ دەدات.
هەنووکە دەبینین کە ڕای گشتی کوردی پێگەیشتووە و ئێستا خەباتی نافەرمانی شارستانی لە کوردستانی ئێراندا لەهەر کات و ساتێک زیاتر پەرەی گرتووە و خەڵک ئەوڕۆییانە ویستەکانی خۆیان دێننە بەرباس کە ئەوەش دەتوانین بڵێین یەکێکی دیکە لەو شاکارانەیە کە حیزبی دێموکرات بە پێی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
19-8-2007 22:48 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

بارودۆخ و شێوەی خەبات کردوویە بە نەریتێکی دیکە لە بەرەوڕووبوونەوە لە دژی دەسەڵاتدارانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران.

بە لێکدانەوەی کارنامەی حیزبی دێموکرات، لە پاش 62 ساڵ خەبات، چەند خاڵ جێی سەرنجن کە بوونەتە ناسنامە بۆ ئەم حیزبە:

* نەتەوەیی بوون و هەوڵدان بەشێوەیەکی زانستییانە بۆ بەنێونەتەوەیکردنی دۆزی کورد.
* هەبوونی ستراتیژی نەتەوەیی.
* دێموکرات بوون و باوەربوونی قوڵی ئەم حیزبە بە دێموکراسی.
* سەربەخۆبوون لە بواری سیاسی و خاوەن بڕیاری خۆ بوون.
* بوونی تەشکیلاتی زیندوو و کارامە و پشوو درێژ.
* ریشەداربوونی لە نێوکۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.
* قورس و قایم راوەستانی ئەم حیزبە لە بەرانبەر هەر رووداو و قەیرانێک و پەنا نەبردن بۆ بڕیاری پەلە و هەڵە، کە ئاکامەکەی تەنیا زیانی بە دواوەیە، یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییە هەرەگرنگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە.
* خاوەن پرستیژی نێونەتەوەیی و خاوەن قورسایی تایبەت لە رەوتی ئاڵوگۆڕەکانی ئێران و کوردستان.
* پارێزەر و پابەند بە ئەسڵە دێموکراتیکە نێوخۆییەکان و لانەدەر لە بڕیارە گشتییە ئورگانیەکان لە پێناو بەرژەوەندی تاک یان تاقم.

مەنسوور عەزیزی

16. 08. 2007 ی زایینی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.